# به بۆنەی رۆژی 8ی مارسی 2009، میزگردێك لە لایەنYJDKIەوە بەرێوە چوو

بە مەبەستی رێزگرتن لە 8ی مارسی 2009، رۆژی جیهانیی ژن، سەعات 15ی دوانیوەرۆی یەكشەممە، 17ی رەشەممەی 1387ی هەتاوی، بەرانبەر بە 7ی مارسی 2009، كۆمیتەی بەرێوەبەریی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران میزگردێكی بە بەشداریی چوار چالاكی سیاسیو مافی ژنان پێك هێنا .
بەشدارانی میزگردەكە ئەم بەرێزانەی خوارەوە بوون كە لە 4 تەوەری جیاوازەدا پرسو بابەتەكانی خەباتو تێكۆشانی مافخوازانەی ژنانیان خستە بەر تیشكی لێكدانەوەو سەرنجی بەشدارانی میزگردەكەیان بۆ لای ئەو بابەتانە راكێشا:
- بەرێز هێرۆ جڵدیانی بەرپرسی گشتیی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە بابەتی "ئاوردانەوەیەك لە خەباتو چالاكییەكانی ژنانی ئێرانو كوردستان لە یەك ساڵی رابردوودا"
- بەرێز عیرفان رەهنموون، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی حدكا، بە مژاری "كاریگەرییەكانی ئەرێنیی بەشداریی ژنان لە بواری سیاسیدا"
- بەرێز نارین محەممەدی، بە مژاری "كۆسپو ئاستەنگەكانی بەردەم كارو چالاكییەكانی ژنان"
- بەرێز شاهۆ فەرازمەند، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی حدكا، بە بابەتی "رۆڵی پیاوان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی یەكسانیخوازیی ژناندا"
هەر یەك لەو بەرێزانە لە سەر تەوەری باسەكەیان بە وردی دوانو لایەنە جۆراوجۆرەكانی ئەو بابەتانەیان لەمەر مافو ئازادییەكانی ژنانیان شی كردەوە .
پاش پێشكێشكرانی هەر كام لەو باسانە، لە لایەن چنوور قادری، رێوەبەری میزگردەوە، دەرگای وتووێژ بۆ بەشدارانی كۆڕەكە كرایەوەو رێژەیەكی زۆر لە ژنانو پیاوان بەشدارییان لەو برگەیەدا كردو راو بۆچوونو هەروەها تێبینیو پرسیارەكانی خۆیان لە سەر ئەو چەند تەوەرەی میزگردەكەوە خستە رووو دیالۆگێكی زۆر گەرمو بنیاتنەر لە نێوان كۆرگێرانو بەشداراندا پێك هات، كە خاڵێكی سەرنجراكێشی ئەو میزگردە بوو. لە كۆتایی میزگردەكەدا، لە لایەن هەر یەك لە بەرێزانی كۆرگێر: هێرۆ جڵدیانی، عیرفان رەهنموون، نارین محەممەدیو شاهۆ فەرازمەندەوە پرسیارەكانیان وڵام درانەوەو بە پێی پێویست لە سەر تێبینیی بەشداران دوانو بە وردی پرسەكانیان شی كردەوە .
شایانی باسە كە میزگردەكە سێ سەعاتی خایاند.

## لە ناوەندی 3ی كوردستاندا، رێز لە 8ی مارس گیرا

سەعاتی 2ی دوانیوەرۆی رۆژی دووشەممە، 19ی رەشەممەی 1387ی هەتاوی، بەرانبەر بە 9ی مارسی 2009ی زایینی، بە مەبەستی رێزگرتن لە 8ی مارس، رۆژی جیهانیی ژن، رێورەسمێكی بەشكۆو گەورە لە ناوەندی 3ی كوردستان بەرێوە چوو. ئەو رێورەسمە بەرینە كە لە لایەن كۆمیتەی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە جێژنیكانو بە هاوكاری ناوەندی 3ی كوردستان وەرێخرابوو، ژمارەیەكی زۆر لە كادرو پێشمەرگەكانی ناوەندی 3ی كوردستانو بنەماڵەكانیانو ئەندامانی یەكیەتیی ژنان لە جێژنیكان، هەولێرو كۆیەو چەندین هەیئەتی میوان لە رێكخراوەكانی پارێزەری مافی ژنان لە باشووری كوردستان بەشدار بوون .
رێورەسمەكە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیبو خولەكێك بێدەنگی بۆ گیانی پاكی شەهیدانی رێگای رزگاریی كوردو كوردستان دەستی پێكرد.
پاشان پەیامی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتیی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە لایەن شاناز سەلیمی ئەندامی كۆمیتەی بەرێوەبەری گشتییو بەرپرسی كۆمیتەی یەكیەتیی ژنان لە جێژنیكان، خوێندرایەوە .
دواتر پەیامی ناوەندی 3ی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە لایەن بەرێز زورار خزری ئەندامی ناوەندی 3 ی كوردستان ،پێشكەش كرا.
لە برگەیەكی دیكەی رێورەسمی 8ی مارسدا، پەخشانێك لە ژێر ناوی "كاتێك هاتم بۆ لێرە" لە لایەن ئەندامی یەكیەتی ژنان زەكیە سدیقی پێشكەشە كرا كە سەرنجی بەشدارانی بۆ لای خۆی راكێشا.
لە بەشێكی دیكەی ئەو رێورەسمەدا چەند پەیام رێكخراوەكانی بەشدار، بە بۆنەی 8ی مارس پێشكەش كران كە بەم چەشنە بوون:
پەیامی یەكیەتیی لاوانی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران لە لایەن یوونس گاگەشی

پەیامی مەڵبەندی 18ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان  لە لایەن خاتوو گەلاوێژ ساڵح خدر سەرپەرستیاری ڕێکخستنی ژنانی ئەو مەڵبەندە
لەو ڕێورەسمە بەشکۆیەدا، دوو شانۆ لە ژێر ناوەکانی "ئازادیی ژن"و "پیاوی دوو ژنە" لە لایەن ژنانی کومیتەی جێژنیکان بە هاوکاری تیپی شانۆی ناوەندی 3، نیشاندارا و سەرنجی بەشدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.
دوو هونراوەی ئەدەبی لە ژێر ناوەکانی "بەسەرهاتی من"و " هەموومان هاودەنگ بە یەك ئاواز" لە لایەن گەوهەر شێرخانیو نەرمین فەتاحییەوە پێشکەش کران.
شایانی باسە لە نێوئاخنی بەرنامەکانی 8ی مارس لە ناوەندی 3ی کوردستاندا، گرووپی هەڵپەرکێی تاراوگە بە چەند تابلۆی جوانو رازاوەی گۆڤەندی کوردیو هەروەها گرووپی سروودی یەکیەتی ژنان لە جێژنیکان بە هاوکاریی کۆڕی هونەری حدکاوە چەند سروودیان پێشکەش کرد کە ڕێورەسمەکەیان زیاتر خەملاند .
ڕێورەسمی ڕێز گرتن لە 8ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، بە دەنگی بەسۆزی هونەرمەندانی کۆڕی هونەری حدکاو شاییو دیلانی بەشدارانەوە، کۆتایی پێهات.



